# له چلەو کۆستی بیری کوردایەتی (دکتۆر ئیحسان فوئاد) دا



حەمەسەعید حەمەکەریم جاف

کێ بێ بەرگەی
 هەواڵێکی جەرگ بڕی
گەورە بگرێ
بۆ مردنی ئیحسانێکی ئا ئەم کوردە
ئا ئەم گەلە..... خۆی ڕاگرێ
لە بەردەمی ئەم خەمەدا
ئەم کۆستەدا
ئارام بگرێ
ئەی مامۆستا خەم خۆرەکە
ژیان، خەم و مردنیشت
لە بەردەمی خەڵکەکەدا
موبارەکە
 چونکە هەر خۆت
خەمی هەموو نەتەوەکەت
لەسەر شانت تەنها
بەخۆت هەڵگرتبوو
بێ هەڵکێشان
بێ لاف و گەزاف
تەنها خۆت بووی
وەکو سەربازێکی ونبوو
بیرو بزاڤی کوردایەتیت
کردە ئامانج
کردە ڕێ ڕەو
کۆڵت نەدا هەتا مردیت.

حەمە سەعید– سلیمانی
2008/6/20

*نازانم لەکوێوە دەستپێبکەم؟ بەچی دەستپێبکەم؟ لە چلەی ماتەمینی کەڵەپیاوێکی، ڕووناکبیرێکی، خاوەن بیری کوردایەتیی پاکوخاوێندا، لە چلەی مامۆستایەکی، دڵسۆزێکی بێوێنەی ڕێگاو ئامانجی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستاندا بە چی دەستپێبکەم؟ بەبیری پیرۆزی کوردایەتیت، بە دڵسۆزیت بۆ کورد

و کوردستان، به هەموو سیفاتە جوانەکانی ژیانی برادەرایەتی و دۆستایەتی و کوردایەتیت... نازانم لەگەڵ ڕۆحە ڕەوان و پاک و بێگەردەکەتدا بکەومە گفتوگۆو بگەڕێمەوە بۆ ساڵانی سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو بۆ سەرەتای بەیەک ئاشنا بوونمان، ئەو کاتەی کە بە جۆش و خرۆشەوە، بە گیانێکی لە خۆبوردوو، بە هیمەتێکی پێشمەرگە ئاساوە وانەی بیری کوردایەتیت فێر ئەکردین، هەموو خەمت ئەوەبوو، کە ئێمەی گەنج و لاوی ئەو کاتە بیری پیرۆزی نەتەوایەتی و کوردایەتی ڕەسەن بەرەو ئامانجی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردستان بکەینە ئامانج و سەری ڕمی تێکۆشانمان، یان بە وەدەست پێبکەم کەلە دووای نسکۆی شۆڕشی ئەیلول و هاتنەوەمان ئێمەت بە دڵشکاوی و کۆست کەوتووەوە بینی و هەموو خەمی دنیات هەڵگرتبوو، دڵخۆشیت ئەدایەنەوەو، پشتە سورت ئەکردین، کە ڕەنگە بۆ ماوەیەک سەر دەرهێنانمان زەحمەت بێ، بەڵام بیری پیرۆزی کوردایەتی و نەتەوایەتی هەرگیز نافەوتێ و لەژێر سایەی زوڵم و زۆرو چەوسانەوەدا هەردەم بەهێزترو بەتین و گوڕتر ئەبێ. سەبرتان بی، هیشتا دنیا زوریی بەبەرەوە ماوە.



حەمەسەعید حەمەکەریم- د.ئیحسان فوئاد

*بەڵێ، وا بەسەرەتای بەیەک ئاشنابوونمان دەستپێئەکەم و لەم چلەی ماتەمینیەی تۆی مامۆستاو ڕابەرماندا ئەڵێم، سەرەتای بەیەک ئاشنابوونمان سەرەتای لەیەک ئاشکرابوونی بیری نەتەوەیی و کوردایەتی هەردووکمان بوو لای یەکتری، سەرەتایەکی پیرۆز، بووە بەردەوامی و دۆستایەتی و برایەتیەکی پتەوی وا، کە تەنها کۆچی بێوادە توانی بە جەستە لێکمان جیا بکاتەوە. لە ماوەی ئەم (38) ساڵەی برایەتیماندا ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر لێک نزیک ئەبووینەوەو زیاتر ئاڵودەو عەشقی هەڵسوکەوت و بیروڕای یەکتر ئەبووین، کە هەمووی لە چوارچێوەی بیری پیرۆزی نەتەوایەتی و کوردایەتی و سەربەخۆیی کوردو کوردستاندا خۆی ئەنوان، کە لە ڕاستیدا مامۆستای نەمر ئاگر خۆشکەرو داگیرسێنەری گڕوتینی بوو، لەگەڵ زۆر هاوڕێ و دۆست و هاوبیری تریشدا پێکەوەی گرێداین، هەڵسوڕێنەری دنیای دۆستایەتی زۆرمان بوو، لە خۆشی و ناخۆشیدا هاوبەشمان بوو، بە تەنگ گەورەو بچوکی ڕووداوی ژیانمانەوە بوو، کاتێک بە لێبوردنەکەی ساڵی (1982) لە بەندیخانە ڕزگارم بوو، لە شارەزوور بەسەری کردینەوەو، هەر لەگەڵ بینیمی، من لەشولار لاوازو تێکشکاو داهێزراو، وتی: (زۆرم حەزکرد ئاوا بینیمی، ئەمەیە ڕێگای کوردایەتی، ئەمەیە ڕێگای تێکۆشان لە پێناوی ڕزگاری و سەربەخۆیی کوردو کوردستاندا، ئافەرم تۆ سەفەری خۆتت کرد، بزانین کەی سەرەی ئێمەیش دێ)، ئینجا لێی پرسیم، شارەزووری (هەموو جارێ کە بیویستایە بە کوڵەوە بانگم بکا یا پرسیارێکی جیدیم

لێ بکا ئەیفەرموو شارەزووری) ئەرێ نە ڕووخاوی؟ ماوی، مەبەستی لە ماوی ئەوە بوو کە لە ڕیزی تێکۆشان و کوردایەتیدا ماوی... وتم: مامۆستا گیان هاتنت بۆ شارەزوور، هەر وەکو جاران گڕو تینی بیری تازە کردمەوە، تۆ خۆشبی بیرمان، تێکۆشانمان تامردنە.

*بەڕاستی خوالێخۆشبوو هەر وایکرد بیرو تێکۆشانی بۆ ڕێگاو ئامانجی پیرۆزی کوردایەتی تامردن بوو ئەوەبوو لە سەرەتای ساڵی (1959)ی سەدەی ڕابردوودا دامەزرێنەری (کاژیک) بوو، لەم ساڵانەی دوایشدا بوو لە تەک کۆمەڵێ هاوبیرو دڵسۆزی ڕێگای کوردایەتیدا (کۆڕی سەربەخۆیی کوردستانی) دامەزراندو بووە ڕێنیشاندەرو بزوێنەری ئەو کۆڕەو هەوڵی باشی بۆ دامەزراندن و گەشەسەندنی داو خەمی شەو و ڕۆژ و هەمیشەیی بوو. ئەم پیاوە مەزنە لاف و گەزافی نەبوو، هێمن و لەسەر خۆ بوو، هەڵچوون و خۆ هەڵکێشانی نەبوو، نەرم و نیان، ژیرو خاوەن بیرو تەکبیر کارەکانی خۆی ئەنجام ئەدا، دڵسۆزی هاوڕێیەتی، کەسایەتی، دۆستایەتی و کوردایەتی بوو. ئاشوبگێڕی و نالەباری و بێ مروەتی لە بیرو هۆشیا نەبوو، درێژدادڕ، سوربوون لەسەر ڕای خۆی هەرگیز نەبوو، لە هەموو بابەتێکدا قابیلی گفتوگۆو ڕا گۆڕینەوە بوو، لە هەموو مەسەلەیەکدا وێڵی سەرچاوەی بڕوا پێکراو بوو، بە دوای سەرچاوەیەکدا، کتێبێکدا زۆری لا ئاسان بوو وڵاتەو وڵات شارەو شار لای ئەم و ئەو بگەڕێ، لەتەک هەموو بابەتێکدا، بیرێکدا، زانیاریەکدا، گاڵتەو سوعبەت و وەک خۆی ئەیفەرموو (بەشیریات) و (فیشقیاتی) خۆی هەبوو. زۆری ئەوێ تا هەموو سیفاتە جوان و پرشنگدارەکانی ژیانی ئەم ئەستێرە گەشەی دنیای بیری کوردایەتی باس بکرێ، زۆری ئەوآ تا کەڵەپیاوێکی ڕێگای ئامانجی پیرۆزی سەربەخۆیی کوردو کوردستانی وەکو خوالێخۆشبوو بنیات ئەنرێتەوە، کۆستی سەختەو بەرگەگرتنی پیاوی خۆی ئەوێ.

*مامۆستا زۆر گەشبین بوو کە بەم نزیکانە هیواو ئاوات و ئامانجی ئەم گەلە ستەمدیدەمان دێتە دی و سەربەخۆ ئەبین، داخەکەم مەرگ مەودای نەدا، ئەو لە هەوڵابوو، لە تێکۆشانی بێوچاندا بوو، تەنانەت کۆڕو کۆبوونەوەی ئاسایی و دانیشتنی برادەرایەتیشی تەرخان ئەکرد بۆ خزمەتی بیرو ئامانجەکانی، لەم دوا دواییەی تەمەنیدا شەوی ئەخستە سەر ڕۆژو بێوچان خەریکی بەدەستهێنانی سەرچاوەو لێکۆڵینەوە بوو، هەرگیز ڕازی نەبوو پێی بڵێی تۆ هیلاکی، تۆ ئەبێ ئیسراحەت بکەی، هەرگیز ناڕەحەتی و ناساغی لەشی خۆی بۆ بەرانبەری دەرنەئەخست، بە تەنها پەنای بۆ حەب و دەرمانەکانی ئەبرد، زۆر جار لە ئازارا لە بێدادی و ناڕەحەتی نەخۆشیدا لە شەوا هاوسەرە دڵسۆزەکەی، کە تا مامۆستا لە دنیا دەرچوو قسوری لە خزمەتکردنی نەکرد،(پەروین) خانیشی ئاگادار نەئەکرد.

*مامۆستا گیان، لە چلەی ماتەمینی و کۆتەڵی لە دنیا دەرچونتدا تەنها ئاواتمان ئەوەیە ئاسودەبی، بێخەم بی، بێئازاربی، ئێمەو هەموو هاوبیرانت هەرگیز لە ڕێگا پیرۆزەکەی کوردایەتی و بەدەستهێنانی سەربەخۆیی کوردو کوردستاندا، کە لەسەرەتای ساڵانی (1959)لەگەڵ کۆمەڵی هاوبیری دڵسۆزتدا دامەزرێنەرو هەڵسوڕێنەری بوویت، کەمتەرخەم نەبین و هەوڵی بەدیهاتنی ئاواتە پیرۆزەکەت کاری سەرەکی ژیانمان بێت.

*لە دنیا دەرچوونت، داخێکی سەختی نا بە سینەمانەوەو بەرانبەر بەم کۆستە کەوتووەمان، بەم زیانە گەورەیەی ڕێگای کوردایەتی و دۆستایەتی و برایەتی ڕاستەقینەی ئەم دنیا سەیرە بێوەفایەدا سەرسام و بێدەسەڵات و داماو، تەنها لەبەردەم پەروەردگارا ئەکڕوزێمەوە کە جێگات بەهەشتی بەرین بێت، پشتەستوورم کە بەهەشت تەنها بۆ ئێوەو هاوشێوەکانی ئێوەیە... گەر عەدالەتیش هەبێ، ئەوا حەق وایە پەروەردگار لەباتی ئەم خەسارە گەورەیە سەبووری دڵی کەس و کارو ئێمەی هاوبیرانیشی بداتەوەو ئامانجی زیندووی ئەویش بەدی بهێنێ.